# سەرکۆمارنامە

4

**حەمەسەعید حەسەن**
وەرگری خەلاتی ئاراس

کۆبوونەوەکەی نێوان کۆندۆلیزا ڕایس و مەسعوود بارزانی، بە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی دوایی هات، کۆبوونەوەکەی نێوان کۆندۆلیزا ڕایس و ئیبراهیم جەعفەری، بە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی کۆتایی هات، کۆبوونەوەکەی نێوان کۆندۆلیزا ڕایس و جەلال تاڵەبانی، بە خوداحافیزی تەواو بوو، ئەمەش لای ئەو کەسانەی ئەلفێکیان بەسە و سەرەواوێکیان دەربارەی هونەری پێوەندیی دیپلۆماسی لە هەناودایە، ئاماژەیەکی مشتومڕ هەڵنەگرە، بۆ ئەوەی سەرکۆماری عێراق لە ڕوانگەی ئەمریکاوە، بایەخێکی ئەوتۆی نییە.

*

ئەحمەد خوسرەوی لە کەمپی (کەرامە)ی سەر سنووری نێوان عێراق و ئوردونەوە، ئەمڕۆ پێی ڕاگەیاندم کە هەنووکە بۆ ئەوەی گوشاری زێتر بخەنە سەر یوو ئێن، تا بە دەنگ داخوازییەکانیانەوە بچێت، ٢١ کەسیان مانیان لە خواردن گرتووە. دانیشتووانی ئەو کەمپە، ئەو کوردە ڕۆژهەڵاتییانەن کە لە ترسی جەوری عورووبە و ئیسلام، لە ئۆردووگای (ئەلتاش)ی نزیک (ڕوومادی)یەوە هەڵاتوون و لەوێ گیرساونەتەوە. چەند خۆش دەبوو، تاڵەبانی کە بە ئاسمانی سەر ئەو کەمپەدا بۆ ئوردون فڕی، لەوێ تەنیا هەر خەریکی چارەسەرکردنی کێشەی ئەحمەد چەلەبی نەبووایە، قسەیەکی خێری بۆ ئەو کوردە لێقەوماوانەش کردبا.

٢٦ خێزان کە بریتین لە ٢٧١ کەس لەو کوردە لە ئەلتاش هەڵاتووانە، لە بانەبۆر کە دەکەوێتە نێوان کەلار و دەربەندیخانەوە، گیرساونەتەوە. کە ڕەحمانپوور لەوێوە زەنگی لێدا و باسی هەلومەرجی سەختی ژیانی خۆیانی بۆ کردم، ڕۆژانی کۆڕەوم بیر کەوتەوە، کەچی هێشتا ینک دەستی کۆمەکی بۆ درێژ نەکردوون! ئەگەر ئەلتاش و کەرامە دوورەدەستن، خۆ بانەبۆر سەر بە قەڵەمڕەوی لایەنێکە، ساڵانێکی دوور و درێژ کوردستانییبوونی قۆرخ کردبوو.

لەو وڵاتانەدا کە سۆشیال دیموکراتەکان فەرمانڕەوان، هەر ئینسانێکی لێقەوماو، بە چاوپۆشین لەوەی خەڵکی کوێیبە، پێ بنێتە خاکیانەوە، لایەنی کەمی بژێویی بۆ دابین دەکەن، بریا سەرکۆمار کە هاوزەمان سەرۆکی حیزبێکی سۆشیال دیموکراتیشە، لەم سەردانەیدا بۆ سلێمانی، ئاوڕێکی بەخێری لە کوردە غەریبەکانی بانەبۆر دەدایەوە. غەریبی جۆری زۆرە، یەکێک لە جۆرە هەرە سەختەکانی ئەوەیە، ئینسان لە وڵاتی خۆیدا هەست بە

غەریبی بکات. ئاوارەکانی بانەبۆر کوردن، کوردستانی باشوور ولاتی خۆیانە و تێیدا پەنابەرن، تێیدا هەست بە غەریبی دەکەن!

*

دەزانن ئەوە بۆچی هێندە زوو زوو رەخنە لە ینک دەگرم؟ چونکە:

(۱) سەردەم سەردەمی پسپۆڕییە و منیش بڕوام بە پسپۆڕی هەیە و پسپۆڕی ئەو بوارەم.

(۲) دەستم پێی ڕاهاتووە و خووم پێوە گرتووە، یان ڕوونتر بڵێم، ئیدمانم لەسەر کردووە.

ئەگەر کەسێکی بێ ویژدانیت و بە لاتەوە ئاساییە بێ بەڵگە تاوان وەپاڵ ئەم و ئەو بدەیت، دەتوانیت ئەم خاڵەشی بۆ زیاد بکەیت:

(۳) پێوەندیی نهێنیم بە پارتییەوە هەیە و نانی تێدایە.

2005. 05. 20